کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-5-2007 23:27

## مەرگی ڕەیان و فرمێسکی ئێمە ... لەتیف فاتح فەرەج

من قسەم لەسەر ئەوە نیە ئەوە بۆچی میدیای کەرکوك تەلەفزیۆن و رادیۆ و رۆژنامەکان وەکو پێویست قسەیان لە مەرگی (رەیان) نەکرد، رەیان ئەو کچە هەشت بەهارەی بەگوللەی ئەمەریکییەکان کوژرا، ئەو ئەمریکیانەی هاتن عێراقیان لە چنگی دیکتاتۆری رزگار کرد و لەو پێناوەشدا نزیك بە 3500 سەربازیان بووبە قوربانی، ئەو سەربازانەی بەدرێژایی ڕێگای هاتنیان گوڵ باران کران، کەچی ئەوان هەندی جار لەختوخۆڕا، رۆڵی کەڵەگا دەبینن، ئێمە هەموومان پێمان وابوو هاتنی ئەمەریکیەکان بۆ ئەوەیە چی دی باوی رێگەگرتن و پاسەوانبازی و هاولاتی ماندوکردن نەمینی، پێمان وابوو دەچینەوە ئەو رۆژگارەی کە کۆنە شالیاری کورد فواد عارف دەڵی کاتی خۆی تا سەردەمی عەبدولکەریمقاسمیش باوی پاسەوان و ماسەوان نەبوو، کەچی ئێستا هەیە، خۆی هیچ نیە، هیچ بەمانا هەرە نەرێنیەکەی لەگەڵ ئەوەشدا پاسەوانی دنیای لەخۆی کۆکردوەتەوە، ئەمەریکیەکان نەك ئەوەیان نەکرد، بگرە دیاردەی فرە پاسەوانی و ئۆتۆمبیلی درع و شتی دیکەشیان هێنایە نێو عێراقەوە، کە ئێستا عێراق سەرتابەخواری دەڵێی گۆڕەپانی فیلمی ئاکشینە، من نامەوی لێرەدا لەسەر ئەو مەسەلانە بوەستم، هێندەی دەمەوی بڵێم: ئایا هەر فرمێسك بەسە بۆ (رەیان) ی هەشت ساڵە، ئایا دایك و باوك و کەسوکاری رەیان بەوە دڵیان ئاو دەخواتەوە یاخود پێویستە ئەو سەربازە بدرێتە دادگا، لەبەرابەر کوشتنی ئەو کیژۆڵەیەدا (سۆری) جگە لە سوکایەتی پێکردن چ مانایەکی دیکەی هەیە، ئەوەی رزگارم دەکات بۆ ئەوە رزگارم ناکات تا بمکوژی، چیرۆکی کوشتنی رەیان چیرۆکی رزگارکردنە بۆ کوشتن، من دەزانم ئەو سەربازە ئەمریکەیە ئێستا ویژدانی ئازاری ئەدات، بەڵام ئایا هەر ئازاردان بەسە یان پێویستە لەبەرابەر کوشتنی رەیاندا ئەو سەربازە جگە لەداوای لێبوردنی راستەقینە، لەبەردەم دادگادا بوەستی و دادگایی بکرێت، ئەی عێراقی نوی عێراقی دادگایکردنی عادیلانە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.